# کەرکوك و بەعەرەبکردن لەعێراقی دیکتاتۆری دا مایەی سازش نەبوو لەمرۆشدا مەحاڵە

فەرەیدون حەمەرەشید  سویسرا
faraidun_73@hotmail.com

لە قۆناخی دووساڵی ڕابردووی مەجلیسی حوکم وکێشمەکێشەکانی گەڵاڵەکردنی یاسای ئیدارەی دەوڵەت، بڕگەی 58 بە یەکێك لەبڕگە پۆزتیڤەکانی یاسای ئیدارەی دەوڵەت لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دەژمێردرا ،بۆیەکلایکر دنەوەی کرۆکی ناکۆکیەکانی کرکوك وناوچەبەعەرەبکراوەکان،بەڵام بەتێپەڕبوونی زیاتر لەدووساڵ لایەنی بەرامبەر لەسەرئاستی دەسەڵات و بڕیاری سیاسی خۆی نەختەژێرباری جێبەجێکردن وبەیاسایکردنی ئەوبڕگەیە،لەدەورانی دەوڵەتی ئینتیقالی دا بەهۆکار وبەهانەی  مەلەفی ئەمنی وخۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی 58بەردێك نەخراسەربەردێك،،لەدوای هەڵبژاردنەکانی 30 کانوونی دووەمی ڕابردوو وەدەستبەکاربوونی حکومەتەکەی ئیبراهیم جەعفەری کەبەحکومەتی هەڵبژێردراوی خەڵك ناودەبرێت نەك کاری نەکردووە بۆپراکتیزەبوونی بڕگەی 58 و ئاسایی بوونەوەی ناوچەشێوێنراوبەعەرەبکراوەکان،بەڵکو لەخروقات وپێشێلکاری جیا جیادا بەشێنەی بەعەرەبکردنمان لەفۆرمێکی تردابینی ،نمونەکانیشی وەك1/دەستخستنەناوکاروبارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی کەرکوك.2/ هێنانی کەسایەتی وخێزانی عەرەب بە بەهانەی گوستنەوەو  مباشەرەی ئیداریان بۆ کەرکوك 3 /تەگەرەخستنەبەردەم ئەوپارە و بودجانەی بۆئاوەدانکردنەوەی شارەکەتەرخاندەکرێت،و،،هتد.واتەفرێنەدانی عەقڵی تێنەگیشتن لەگۆڕانەکان و بەردەوامی چاوی تەماحکارانەی ناسونالیزمی عەرەب لەسەرئەوناوچانە بەهۆی پڕبایەخی لەڕووی جوگرافیای سیاسی و ئابووری یەوە.بەڵام دوای 15ی ئۆکتۆبەرو دەرئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی دەستووری پەسەندکردنی دەستووربەبەڵێ و بەرجەستەبوونی بڕگەی 58 لەمادەی 136 ئەودەستوورەدا پابەندبوونی زیاتری دەوڵەتی عێراق دەکات بەئاسیکردنەوەی دیمۆگرافیایی ناوچەکەوگەڕانەوەی هەیکەلی ئیداری بۆپێش ساڵانی 1976 بە گەڕانەوەی شاروشارۆچکەکان بۆسەرهەیکەلی ڕابردووی پێش پرۆسەی بەعەرەبکردن، بە بەرجەستەبوونی بڕگەی 58 لەمادەی 136ی دەستوودا جارێکی ترلایەنی بەرامبەرناتونێت بەسانایی خۆی لەپرسی کەرکوك بدزێتەوە بەپشت بەستن بەوئاماژەیەی لەپێشەکی دەستووردادەڵێت پابەندنەبوون بەبڕگەومادەکانی دەستووریەکێتی خاکی عێراق ناپارێزێت.لەپەراوێزی هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بەم کێشەیە بەپێی هەواڵەکان تێگەیشتنێکی باش لەبەحەتمیبونی گۆڕانەکان لای عەرەبەهاوردەکان دروستبووە تائەوئاستەی بەگوێرەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی دایەلۆکی نیشتمانی زیاترلەحەوت هــەزارخێزانی عەرەبی هاوردە لەگەڵ کارئاسانی و قەرەبووکردنەوەیان ئامادەی بەجێهێشتنی کەرکوك وگەڕانە وەیان بۆشوێنی زێدیان دەربڕیوە،بۆیە واچاکترەلایەنی بەرامبەرلەئاستی دەسەڵات نەکەوێتــە دوواوەتری ئەم هە لو یستە واقیعبینانەی خوودی عەرەبەهاوردەکان، هەرچی زووترە ئەوکۆمیتەیەی زۆرلەمێژە بڕیاربوو بەسەرپەرشتی کاك حەمید مەجیدمووسێ پێکبهاتایەت دەستبەجێ پێکبهێت بەبوودجەی تاییەت وکارا بەلەبەرچاوگرتنی مافی قەرەبووکردنەوەی عەرەبەهاوردەکان ئاسەواری بەعەرەبکردن وپاکتاوی نەژادی بسڕێتەوە،ئەو هزروتێزەی دەخوازێت کات بەفیڕۆدان بەقازانجی تەسپیت بوونی تەعریب درێژەپێبدات،دەبێت ئەوەبەبیری خۆیان بێنەوە کەبزووتنەوەی ڕزگاری خوازی خەڵکی کوردستان لەقۆناخەجیاوازەکانی شۆڕش لەسەرمێزەکانی گفتووگۆ ودانوستاندن بەردەوام دۆزی کەرکوك و ناوچە سنووریەکانی نێوان کوردستان و عێراقی عەرەبی میحوەری گفتووگۆکان وخاڵی جەووهەری ڕێکەووتن وڕێکنەکەووتن بووە،بۆیەلەم ڕۆی ئاڵوگۆڕی ڕیشەی لەعێراق وکرانەوەی ناوچەکەبەڕووی سیاسەتێکی واقیعبینانەو پێگەی خوودی کورد لەهاوکێشەکەدا مانەوەی کەرکوك وناوچەکانی دی بەعەرەبکراوی زۆر مــەحاڵە .